# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کۆتا نەخۆشیدا کە تێیدا کۆچی دواییکرد؛ پرسیاری دەکرد ودەیفەرموو: من لە کوێ دەبم سبەینێ؟، من لە کوێ دەبم سبەینێ؟، مەبەستی ئەو ڕۆژە بوو کە لە لای عائیشە دەمێنێتەوە، بۆیە خێزانەکانی ڕوخسەتیان پێیدا لە هەر شوێنێک بێت کە خۆی دەیەوێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کۆتا نەخۆشیدا کە تێیدا کۆچی دواییکرد؛ پرسیاری دەکرد ودەیفەرموو: «من لە کوێ دەبم سبەینێ؟، من لە کوێ دەبم سبەینێ؟»، مەبەستی ئەو ڕۆژە بوو کە لە لای عائیشە دەمێنێتەوە، بۆیە خێزانەکانی ڕوخسەتیان پێیدا لە هەر شوێنێک بێت کە خۆی دەیەوێت، لە ماڵی عائیشە مایەوە؛ هەتاوەکو لە لای ئەو کۆچی دواییکرد، عائیشە دەڵێت: لەو ڕۆژەدا کۆچی دواییکرد کە لای من مایەوە لە ماڵەکەمدا، وخوای گەورە ڕۆحی کێشا وسەری لە نێوان سینگ وگەردنم بوو، وئاوی دەمی تێکەڵ بە ئاوی دەمی من بوو، پاشان ووتی: عبد الرحمان کوڕی ئەبی بەکر هاتە ژوورەوە وسیواکی پێبوو وبەکاریدەهێنا، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەیری (عبد الرحمان)ی کرد، پێیم ووت: ئەو سیواکەم پێبدە ئەی عبد الرحمان، ئەویش پێمی دا، کۆتاییەکەیم بڕی وجاویم -بە دەمم-، پاشان دام بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەویش سیواکی پێیکرد، لەکاتێکدا پاڵی دابووەوە لەسەر سینگم».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی پێغەمبەری خودا دەکات -صلى الله عليه وسلم-، لە کۆتا نەخۆشیدا کە تێیدا کۆچی دواییکرد؛ پرسیاری دەکرد ودەیفەرموو: (من لە کوێ دەبم سبەینێ؟ من لە کوێ دەبم سبەینێ؟): مەبەست لەم پرسیارکردنە داواکردن بوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە خێزانەکانی بۆئەوەی لە لای عائیشە بمێنێتەوە، بۆیە تێگەیشتن وڕوخسەتیان پێیدا، بۆیە لە لای ئەو مایەوە هەتاوەکو کۆچی دواییکرد، وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات؛ ئەو کاتەی کۆچی دواییکرد لە ماڵی ئەو بوو، وخوای گەورە کاتێک ڕۆحی کێشا سەری لە نێوان سینگ وگەردنی عائیشە بوو، وئاوی دەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێکەڵ بە ئاوی دەمی بوو بەهۆی سیواک کردنەوە، عبد الرحمان کوڕی ئەبی بەکر -ڕەزای خوایان لێبێت- برای عائیشە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک لە سەرەمەرگدا بوو وعبد الرحمان سیواکێکی تەڕی پێبوو، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سیواکەکەی عبد الرحمانی بینی؛ تەماشای دەکرد وەکو ئەوە وابێت ئەویش حەز بە سیواک کردن بکات، بۆیە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- تێگەیشت وسیواکی براکەی هێنا، وکۆتاییەکەی بڕی بۆئەوەی کۆتاییەکی نوێی لێ دروست بکات وجاوی بە دەمی ونەرمی کرد، پاشان دای بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەویش سیواکی پێیکرد، وبەردەوام عائیشە حەسوودی پێدەبرا چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک کۆچی دواییکرد سەری لەسەر سینگی ئەو بوو.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee